
کاروانی سوورپۆشانی نیشتمان
١٧ی خەرمانانی
ژیانناممەی ١٦ گوڵاڵە سوورەی قەڵای دێموکڕات
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی
خەڕەنوەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆقمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

بەیانیتان باش... هەموو هاتووین؟



بە بزەوە بەرەو پیلی قسەکانی چووین و باسەکانمان دەست پێکرد. باسی خەباتی میللەتێک... باسی ماف و داوای گەلێک... باسی بەشمەینەتیی کۆمەڵگەیەک... باسی زەوتکردنی هەموو ڕەواییەک بە چەکی ناڕەوا...

هیندێکمان گوێمان هەڵخستبوو... هیندێکمان پێنووسەکانمان لەسەر ڕووپەڕی کاغەز دەگەڕان و ئەوەی دەنووسرا لە پێناو چارەسەر بوو... بۆ کێشانەوەی داهاتوویەکی ڕوون بوو... بۆ بەختەوەریی گەل بوو...

هەموو هۆڵی باسەکە، هەموو چیرۆکی قەڵەم و دەفتەرەکان، هەموو سرتە و باسی بەشداران، هەموو خەم و ڕاوێژان هەر بۆ ئەوە بوو کە چۆن وەرزی بەهاری ڕزگاریمان بگاتێ... شنەی بەیانی ئازادی چۆن هەڵ بکا و دوژمنی غەددار چۆن بە چۆکدا بێ...

لە گەرمەی باسی و خواسی مەدەنییەتمان... لە نێو چەقی تێکگیرانی بیر و هزر و مشتومڕی خۆمانەدا... دەنگێکی سامناک... چەند گرمەیەکی بەهێز و پاشان بۆنی گۆشتی هەڵکزاو و دیمەنی خوێنی پڕژاو بە سەر دیوارەکاندا... ئەو مووشەکانەی دوژمنی قین لە دڵ تێی گرتین، پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە و ئازیزترین هاوڕێیانی لێ ستاندین... بەڵام پێی نەکەوتین... هەر بەپێوەین.... لەو کاروانەدا چەند سوارێک و چەند تەوارێکمان گلان... بەڵام وەک دەبینن هەر بەڕێوەین...

شێرکۆ بێکەس گوتەنی:

من درەختی ئەم ژیانەم
تۆ لەو لاوە من دەبڕیت و
لەو لای دیکە من دێمەوە
ئازارێکم چەشەی تەور
تا بمبڕی من سەرلەنوێ
پنج قایمتر دەڕوێمەوە

ئەمڕۆ دەمویست بە لاوک و حەیرانێک، یان بە بەستە و پەخشانێک هاوڕێیانم بلاوێنمەوە... هەڵبەستێکی مامۆستا عاشقی هاوڕێمم بەدەستەوە بوو... ئەوەی لەو هەڵبەستەدا دەمدی قسەی نەگوتراوی دڵ و نەبیستراوی ناخی منیش بوو... بۆیە لێرە هەر ئەم هەڵبەستە لە بەرۆکی یادی ئازیزانم دەدەم... ئەو ئازیزانەی بە جەستە بەجێیان هێشتووین، بەڵام لە دڵماندا زیندوون و بەیداخی خەبات و تێکۆشانیان بۆ بەجێ هێشتووین...

ئەستێرە بارانە

ئاشق

چ بکەم، چ بڵێم هاوڕێیانم؟
بە چ شێعرێک بتان دوێنم؟
بەگوڕ ئەسرینی خوێناوی
بۆ کامەتان هەڵوەرێنم؟

بەرگی کام هۆنراوەی بەسۆز
بکەمە بەر یادی ئێوە؟
کام ڕستە بکەم بە هاوار

بۆ سەندنی دادی ئێوە؟

لە کوێی هەرێمی خۆبەخشی
هێڵێک بۆ سنوورتان دانێم
کام گوڵاڵەی گەشی بۆنخۆش
لە سەر گلکۆی سوورتان دانێم؟

بە چ زمانێک بڵێم ئێوە
چەندە ئازا و شۆڕشوان بوون؟
تاجی شانازیو لە سەرە
کە قوربانیی کوردستان بوون

کام هەتوان هەیە ئەمڕۆکە
برینی ڕووحم تیمار کا؟
کام حەکیم دەتوانێ دەردی
ئەمجارەی دڵی من چار کا؟

جاران ئەستێرێک ڕادەخوشی
دەمگوت: ئاخ کۆچی یارانە
ئێستا لە عاسمانی قەڵا
ڕێژنەی ئەستێرە بارانە
نیشتمان ئەمڕۆ ڕەشپۆشە و
ڕۆژهەڵات ئێستە زامدارە

هەستی خەم و تۆڵەسەندن
بە ڕووەمای خەڵکەوە دیارە

ئێوەش، ڕێبەران، بەرپرسان
ئەی کەنگێ بەیەکگەیشتن؟
چارەی دەردی کوردی ناکا
هەر دمەقاڵە و دانیشتن

هەتا کەی پڕش و بڵاوی؟
بۆچما قەدەر دەستی بەستوون؟
یان مەگەر خودا نەخواستە
لە خەوی "غەفڵەت" دان، نوستوون؟

دوژمن هار و درە و خوێنخۆر
نەمانی کوردی مەبەستە
لێت دەدا و بۆی فەرق ناکا
کام حیزب، کام لا، کام دەستە!

ئەو خوێنانەی دوژمن ڕشتنی
ئێستاش لە بریـنان دەچۆڕێن
دڵان پڕ خەم و کەسـەرن
بەڵام پتەون، ناگۆڕێن
پێتان وا نەبێ کۆڵ دەدەین
یان لە بیریان دەبەینەوە

تۆڵەی هەموو ئەو خوێنانە
بە سەرکەوتن دەکەینەوە

پێشکەشە بە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدە نەمرانەی دێمۆکڕات، کە ڕۆژی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ لە موشەکبارانی قەڵای دێمۆکڕات و فێرگەی دێمۆکڕات، لە کۆبە دا شەهید بوون.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



شەهید نەسرین حەدداد



شەهید نەسرین حەدداد ناسراو بە مامۆستا نەسرین کچی کاک کەریم. ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانخۆشەویست و پێشمەرگەپەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. بە نازی دایک و بابی تەمەنی هەڵکشا و گەشەی کرد و خڕەکە بوو. بە پێچەوانەی نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا، بواری خوێندنی بۆ ڕەخسا و، لە یەکێک لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا لەگەڵ دنیای فێربوونی زانست ئاشنا بوو. وەک قوتابییەکی ژیر و بە بیر دەرسی خوێند و، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە گەیاندنە کۆتایی.

کاک کەریم حەدداد باوکی نەسرین کە ساڵانێکی دوور و درێژ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەرکی خزمەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەی وە ئەستۆ گرت و، لە ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی تێکۆشەرانی دێموکراتدا یەکێک لەو کادر و فەرماندانە بوو کە دورگەی ئارامی حەمەڕەزاشای شڵەقاند و، لە بڕینی پلە تەشکیلاتییەکاندا گەیشتە ئەندامی ڕێبەرایەتی، سەلمێنەری ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو بنەماڵە کورد پەروەردەیە.

نەسرین کە لە قوتابخانەی پێشکەوتنخوازانەی ئەو بنەماڵەدا تێگەیشت و پێگەیشت و باوخۆش بوو، زۆر زوو گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخیدا وە گڕوگاڵ کەوت و، لە مانگرتن و ڕێپێوانی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتیدا

تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازییان بوو. وەک کێژێکی دڵ پڕ لە ئاوات کە هەستی بە چەوسانەوەی ڕەگەزی و نەتەوایەتی کردبوو، لە هاندانی دەستەخوشکانی و قوتابیە هاوپۆلەکانی بە دژی ئەو ڕێژیمە بێزراوە نەخشی سەرەکی و بەرچاوی وە ئەستۆ گرت.

بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش هەڵوێستی لێ بڕاوانەی گرت و، لە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتدا تێکۆشانی دەست پێ کرد. ساڵی ١٣٥٩ کە بنەماڵەکەی بە گشتی لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بوون، دوای وەدەست هێنانی بڕوانامەی دیپلۆمەکەی، تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی پۆشی و ئامادەیی خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی بۆی دیاری کرابایە دەربڕی. خاتو نەسرین کە ئۆگرییەکی لە ڕادەبەدەری بە زانست و پێشکەوتن هەبوو، لە کۆڕی پەروەردەی حیزبدا ئەرکی مامۆستای شۆڕشی وە ئەستۆ گرت. بوو بە هاوڕێی دڵسۆزی منداڵە چاوگەش و لە خۆشی بێبەشەکانی گەلەکەی و، بۆ پێگەیاندیان لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەر گرت و، نازناوی مامۆستا نەسرینی بۆ دیاری کرا. دواتر هەر لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیدا بە ئەندامی کۆڕی پەروەردە دیاری کرا و، لەو پۆستەشدا وەک کادرێکی لێزان و تێگەیشتوو درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. بە ماوەیەکی دوور و درێژ لەو پۆستەیدا مایەوە و ئەوەی لە دەستی هات ئەنجامی دا. ساڵی ١٣٦٥ لەگەڵ کادری لە مێژینە و پێگەیشتووی حیزب کاک محەممەدی حەسەنپوور کە بە داخەوە ئەویش لە مووشەکبارانەکەی قەڵای دێموکراتدا دەستی تاوان لە گەلی کوردی ستاند، ژیانی هاوسەریی پێک هێنا و، بەرهەمی ئەو ژیانە سەربەرزانەیە کێژ و لاوێک بە ناوەکانی ژیلوان و ژیوارە کە ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە بە پەنابەری دەژین.

مامۆستا نەسرین کە لە سەرەتای دەست بە کاربوونەوەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا تێکۆشانی بەردەوامی لەو ڕێکخراوەیە دا هەبوو، لە سێیەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەیاندا دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە سکرتێری گشتیی هەڵبژێرا. بەو پەڕی لێهاتوویییەوە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی و، بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی تەشکیلاتەکەی لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت و، ماندووبی نەناسانە تێکۆشا. مامۆستا نەسرین ئەو کادرە توانا و باوەڕ بە خۆبووە بوو کە بۆ ئەنجام دانی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە لایەن حیزبەکەیەوە بۆی دیاری کرابایە ئامادە و دەست لە سەر سنگ بوو. یەکێک لەو ئەرکە قورسانە وە ئەستۆ گرتنی بەرپرسی بونیادی ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی حیزب بوو، لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییەی دا بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵوومانەی نەتەوە سەرکوتکراوەکەی بە دنیای مرۆڤایەتی و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ بەو پەڕی توانایەوە هەوڵی داو لە تێکۆشان ماندوو نەبوو.

مامۆستا نەسرین ساڵی ١٣٨٠ دوای کۆنگرەی ١٢ی حیزب لەگەڵ کاک محەممەدی هاوسەری بۆ بنکەی پێوەندییەکانی دەرەوە لە شاری بەغدایە نەقڵ کرا و، بەو پەڕی دڵگەرمییەوە لە خزمەت بەرێوەبردنی ئەرکی پێسپێراویدا بوو. ساڵی ١٣٨٦ بۆ کۆمیسیۆنی ماڵی نەقڵ کرا و، بە هۆی زیرەکی و سەردەرچوویی لە بەشی حیسابداریدا ئەرکی بۆ دیاری کرا. بەو پەڕی وردبینی و لێزانییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی دا و سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدەست هێنا.

مامۆستا نەسرین بە هۆی ڕابردووی تێکۆشانی سەربەرزانە و بێ وچانی و، ئەو کەسایەتییە بەرزەی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا وەدەستی هێنا بوو، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبدا دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. دیارە لەو گۆڕەپانەشدا بە کردەوە سەلماندی کە هاوڕێیانی لەو هەڵبژاردنەدا بە هەڵە نەچوون و کاریان بە کارزان سپاردوە. دواتر بۆ کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی نەقڵ کرا و، بە هۆی ئەوە کە شارەزایی باشی لە بەشی ئیداریدا هەبوو، بەرپرسایەتیی بەشی ئیداری ئەو کۆمیسیۆنەی پێسپێرا و، بۆ ڕێکخستنی کارە ئیدارییەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت.

دواییین بەرپرسایەتیی مامۆستا نەسرین کە هەر لە پلەی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیدا بوو لە کۆمیسیۆنی ئاموزش بوو. لەو کۆمیسیۆنەشدا ماندوویی نەناسانە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی دا و، بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و نەتەوە مافخوازەکەیدا بوو.

مامۆستا نەسرین لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆیدا بۆ کەمترین ماوە لە ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی کەمتەرخەمیی نەکرد و لە کارکردن ماندوو نەبوو. ئەو حیزبەکەی و گەلەکەی تا ڕادەی پەرەستن خۆش دەویستن. پێداگر لە سەر ئەنجامدانی ئەرک و بڕیارەکانی حیزب و، لایەنگری تەبایی و یەکڕیزی و یەکدەنگی لە نێو کۆڕی هاوڕێیانیدا بوو. مەزنترین ئاواتی سەرکەوتنی حیزبەکەی و بە ئاوات گەیشتنی گەلەکەی بوو. بەڵام بە داخەوە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی گەلەکەمان بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا گیانی فیدای ئامانجی کرد.

شەهید برایم برایمی ناسراو بە برایم زێوەیی



شەهید برایمی برایمی ناسراو بە برایم زێوەیی کوڕی کاک قادر، لە دایک بووی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی زێوە و دانیشتووی شاری سەردەشت. وەک هەموو منداڵە بێ بەشەکانی گوندەکانی کوردستان بە نازی دایک و بابی خۆی گرت و ڕەوانەی خوێندنگە کرا، ژیرانە دەرسی خوێند و زیرەکانە قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی لە ئاستێکی بەرزدا بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا.

سەرەتای تەمەنی لاوەتیی برایمی دڵ پڕ لە ئاوات هاوکات بوو لەگەڵ ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران لە ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان کە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە، ئەو ڕووداوە مێژووییە هەستی کوردایەتی لە ناخی برایمدا وە گڕوگاڵ خست و تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازییانی کرد. وەک لاوێکی خوێندەوار لە هاندانی لاوە هاوتەمەنەکانی بە دژی ئەو ڕێژیمە و مانگرتن و ڕێپێوانەکاندا نەخشی بەرچاوی وەئەستۆ گرت بە تایبەت خۆپیشاندانی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٧ کە چەندین شەهید و بریندار لێ کەوتەوە.

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کاک برایم کە ئەو کات ئەندامی شووڕای قوتابیان بوو، وەک هەستەی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی ئەو یەکیەتییەی وەئەستۆ

گرت. هەر ئەو ساڵە بە شێوەی نیوەئاشکرا لە نەخۆشخانەی شار لە دەورەیەکی دەرمانیدا بەشداریی کرد و لەو بەشەدا شارەزایی باشی وەدەست هێنا و، هاوینان لە چەند دەستەی دەرمانیدا بە گوندەکانی دەوروبەری سەردەشتدا دەگەڕان.
کاک برایم لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دامەزراندبوو، بە هۆی هەڵسووڕان و تێکۆشان و دەمەقاڵەی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم و پاسدارموعەللیمەکان بەردەوام لە ژێر فشار و چاوەدێریدا بوو، هەر بۆیە بە تەواوی مەودای حەوانەوەی لێ بەرتەسک بۆوە و، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو، بەرگی پڕ لە سەروەریی پێشمەرگەی پۆشی و، ئامادەیی خۆی بۆ ئەنجام دانی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە لایەن حیزبەکەیەوە بۆی دیاری کرابایە دەربڕی.

کاک برایم زێوەیی بە هۆی دیتنی دەورەی دەرمانی و شارەزابوونی لەو بوارەدا، بۆ شاری ڕەبەت بەڕێ کرا کە ئەو کات دەرمانگایەکی حیزبی لێ پێک هاتبوو، وەک سەرکادری دەرمانی ئەرکی وە ئەستۆ گرت و دڵسۆزانە درێژەی بە تێکۆشان دا. بە هۆی سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەنجام دانی ئەرکی پێسپێراوی و، ئەو بڕوا و متمانەی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا وەدەستی هێنابوو، ساڵی ١٣٦٢ لە کۆنفڕانسی کۆنگرەی شەشەمدا دەنگی بەشدارانی کۆنگرەی بۆخۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا.

هەر لەو کۆنفڕانسەدا بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەدا وەک نوێنەری کادر و پێشمەرگەکان دەنگی پێ درا و چالاکانە بەشداری کۆنگرە بوو.

کاک برایم یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و ماندووبی نەناسانە بوو کە لە ناوچەی سەردەشت جێ پەنجەی دیار بوو. سەرەتا بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی باژاری وەئەستۆ گرت، دواتر بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی بۆڵفەت و پاشان بە بەرپرسی تەشکیلاتی شار دیاری کرا کە لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.ئەو هەڵسووڕان و تێکۆشان و وەرە و ئیمانە کاک برایمیان کردە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکە و جێمتمانەی زیاتری هاوڕێیانی و بۆ ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا.

کاک برایم قۆناغ بە قۆناغ پلەی تەشکیلاتی زیاتر دەچوە سەرێ و ئەرکی سەرشانی قورستر دەبوو. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە سەر بڕیاری کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی نەقڵی ئەو کۆمیسیۆنە کرا و، لێ بڕاوانە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی. بەڵام ئەوە دواییین بەرپرسایەتیی برایم زێوەیی نەبوو. ساڵی ١٣٧٠ بۆ بنکەی پێوەندییەکان لە شاری سلێمانی نەقڵ کراو ئەرکی مودیرداخلە و پێڕاگەیشتن بە کار و باری ڕۆژانەی بنکەی وە ئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٧١ بۆ کۆمیسیۆنی

ئـامووزش بـەڕێ کـرا و، وەک مامۆستایەکی شـارەزا لـە دەورەکانـدا دەرسـی مێـژووی جووڵانـەوەکانی کـوردی بـۆ کادرەکـان شـی کـردەوە. دوای چەنـد سـاڵ بـەڕێوەبردنی ئـەو ئەرکـە پیـرۆزە، سـاڵی ١٣٧٥ نـەقڵـی سکرتـاریای حیـزب کـرا و بەرپرسـایەتیی بایەگـانیی حیـزبی لەو ئۆرگـانەدا وەئەستۆ گـرت و کـاری پێـوەندییەکـانیشی بەڕێوە دەبـرد.

سـاڵی ١٣٨٤ بەرپرسـایەتیی پێـوەندییـەکانیی لـە کۆیـە و ڕانیـە و قـەڵادزێ وە ئەسـتۆ گـرت و هـەر بـەو ئیمـان و بـاوەڕە بەهێزەوە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا بوو.

کاک برایم زێوەیی ئەو کادرە دەراتە و پێگەیشتووە بـوو کـە سـاڵی ١٣٨٦ لـە کـۆنگرەی چاردەیـەمی حیـزبـدا دەنگـی متمانـەی بەشدارانی کۆنگرەی بۆخۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدی هـەڵبژێرا. لـە دابـەش کردنـی کـاری حیـزبیـدا وەک جێگـری بەرپرسـی کۆمیسـیۆنی سیاسـی - نیـزامـی دیـاری کـرا و، چالاکانـەتـر لـە پێشـوو درێـژەی بـە ڕاپەڕانـدنی ئـەرکی پـێ سپێراوی دا.

دواییـن بەرپرسـایەتیی برایم زێوەیی وەئەستۆگرتنی بەرپرسـایەتیی پێـوەندییەکان لە شـاری هـەولێر بـوو. نـاوبراو لـە مـاوەی ژیـانی پێشـمەرگایەتیی خۆیـدا هـیچ کـات لـە تـەنگ و چەڵـەمـە و کەنـدو و کۆسپەکانی سـەرڕێی تێکۆشـانی سڵـی نـەکرد و، بـەردەوام پێـداگر لەسـەر ئـەنجام دانـی ئـەرک و بڕیـارەکـانی حیـزب بـوو. هەمیشـە وەک کـادرێکی خـاوەن نـەزەر بـە بیـر و بـاوەڕێکی پتـەو و دڵێکـی ئـاوەڵاوە لەگـەڵ هاوڕێیـانی هـەڵس و کـەوتی دەکـرد. لایـەنگری یەکیـەتی و هـاودەنگیی لـە نێـو ڕیزەکانی حیزبـدا بـوو. بـەڵام بەداخـەوە ئـەویش بـە مـراد نەگەیشت و دەستی تـاوان لـە گـەلی کـوردی ستاند. لـە مووشـەک بـارانەکەی قـەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا و خوێنی گەشی تێکەڵ بە خوێنی هاوسەنگەرە شەهیدەکانی بوو.



شەهید کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی



شەهید کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی کوڕی کاک ڕەحیم ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی قشلاخ سەر بەناوچەی شاری سەقز چاوی بۆ ژیان کردەوە. وەک زۆربەی منالانی دێهاتی کوردەواری لەوسەردەمەدا بەسەرەتایی‌ترین پێداویستێکانی ژیان گەشەی کرت و بە خۆ داهات، تەنیا کۆتایی قۆناغی سەرەتایی توانیی دەرس بخوێنێ و هەرلە تەمەنی منداڵیەوە ناچار بوو شان بداتە بەرکارو کاسبی و لەسەر پێی خۆیی ڕاوەستێ.

سەرەتایی تەمەنی لاوێتی کەریم هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هاتاوی بەسەر ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتیدا، و زەوتکردنی دەستەڵات لەلایەن ڕێژیمی کۆماری کاتێک ڕێژیم وەڵامی داواکارێکانی گەلی کوردی بە ئاگر و ئاسن دایەوە و کوردستانی لە خوێن وەردا و گەلی کوردی ناچار بە دیفاعی چەکدارانە کرت کەریمیش یەکێک لەو لاوە ئەرک وەخۆگرانە بوو کە بێلایەنی بە کەمتەرخەمی زانی و لە بەرامبەر هێزی هێرشکەری دوژمندا هەڵوێستی گرت. ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و چەک لە شان تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو.

کاک کەریم بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوچەی سەقز درێژەی بە تێکۆشاندا، و دواتر بۆ ناوچەی سەردەشت نەقڵکرا، وەک پیشمەرگەیەکی نەترس و چالاک درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نێزامێیەکانیدا و لە سەنگەردا باکی لەرمەرگ نەبوو. لە

شەڕە بە ناوبانگەکەی هەڵۆێدا کە زەبرێکی بە ژان وەهێرشکەران کەوت و ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆفرۆش و هەڵخەڵەتاوان کوژران یان بریندرا بوون، کاک کەریم لەو شەڕەدا بە سەختی بریندار بوو. بەڵام ئەو بریندار بوونەش وەی پێشمەرگانەی لاواز نەکرد، و پاش ساڕێژ بوونەوەی زامەکانی دڵگەرمتر لە پێشوو گەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە نیشتمانەکەی. کاک کەریم هەموو ناوچەکانی کوردستانی بە ماڵی خۆیی دەزانی، دواتر لەسەر داوای خۆی بۆ ناوچەی بانە نەقڵکرا و لە لەلکی هێزی شەهیدانی وردی دا سازمان درا، بە هۆی قارەمانەتی و بوێری و سەرکەوتنی لە بواری نیزامیدا، لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەفەرماندەی یەکێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و ئەرکی سەرشانی قۆرستر بوو، بەڵام هەر وەک چاوەڕوان دەکرا لە گۆڕەپانیشدا گۆی سەرکەوتنی لە مەیدان ڕەفاند و خۆی بۆ وەئەستۆگرتنی ئەرکی قۆرستر لە دەسکنا. ساڵی ١٣٦١ بە هۆی شارەزا بوونی لە هونەری نیزامیدا گەیشتە پلەی بەرزتر بە جێگری فەرماندەی لک دیاری کرا. بەڵام کاک کەریم تەنیا فەرماندەیەکی پێگەیشتووی بواری نیزامی نەبوو، بەڵکوو لە بواری تەبلیغاتیشەوە کادرێکی بە توانا و لێزان بوو.

کاک کەریم ڕۆژ بە ڕۆژ لە میدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر دەسەلماند و سەرنجی هاوسەنگەرانی زۆرتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، و ساڵی ١٣٦٣ وەک جێگەری فەرماندەی هێز دیاری کرا کە بە حەق شیاوی ئەو پۆستە گرینگە بوو، و هەر ئەو ساڵە متمانەی زیاتری پێکرا و بە ئەندامی کۆمیتەی شارەستانی بانە هەڵبژێردرا. ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی ئەرکی سەرپەرەست هێزی ئاربابای بانەی وەئەستۆگرت و گەیشتە پلەی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارەستانی بانە. و کاک کەریم ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ڕاتەوخۆ ئەرکی فەرماندەری هێزی وەئەستۆ گرت.

کاک کەریم یەکێک لە کادر و خاوەن بیروباوەڕ بوو کە لە کاری سەخت و دژوار نەدەترسا، و بۆ هەر ناوچەیەکی کوردستان مەئموریەتی پێسپێردرابایە بە گیان و دڵ قەبووڵی دەکرت و بەو پەڕی دڵ فراوانیەوە بەرەوپیری دەچوو. ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بۆ ناوچەی بۆکان نەقڵراو بەرپرسایەتی هێزی بەیانی وەئەستۆگرت، و هەر بەو ئیمان و باوەڕەتەوەی شانیدایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامێکانی و لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتوانەدا فەرماندەریی پێشمەرگەکانی کرد و دوژمنی تاراند. ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی بۆ مەڵبەندی خواروی کوردستان نەقڵکرا، و وەک فەرماندەری هێز ئەرکی وەئەستۆگرت و بەو پەڕی دڵگەرمێیەوە شانیدایە بەر ئەرکی وەئەستۆگرت، و بەو پەڕی دڵگەرمێیەوە شانی دایە بەر ئەرکە نیزامییەکانی و لە کارکردندا ماندوویی نەدەناسی شەویشی بەدەم ڕۆژەوەدادەدا.

کاک کەریم لە بواری نیزامیدا وەک فەرماندەیەکی قاڵبووی کوردی دیفاعی چەکدارانەی گەلەکمان پێگەیشتبوو، و دواتر وەک سەرپەرەستی هێزی پارێزگاری دیاریی کرا و ئەرکی پاراستنی دەفتەری سیاسی و کۆمیسیۆنەکانی دەوروبەری وەئەستۆگرت. بەڵام ئەو تەنیا سەرپەرەستی هێز نەبوو بەڵکوو شان بە شانی ئەو ئەرکە قورسە، وەک ئەندامی کۆمیتەی

ئەمنییەت ئەرکی وەئەستۆ گرت و لەوبوارەشدا لێهاتوویی و کارامەیی خۆیی لە مەیدانی کردەوەدا نیشاندا.و دواتر ئەرکی فەرماندەی هێزی پارێزگاریی پێسپێردراو و بەوپەڕی دڵگەرمێیەوە دەرێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا.

کاک کەریم لە کۆنگەری ١٠ی حیزبدا کە لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی بەڕێوەچوو، متمانەی وەدەست هێناو و بەئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دواتر لەدابەشکردنی ئەرکی حیزبیدا بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارەستانی بۆکانی پێسپێردرا و لەوێش کەمی پێچوو کە متمانەی هاوڕێیانی وەدەست هینا. ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی وەک فەرماندەری ناوەندی دووی کوردستان دیاریی کرا و بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی بانەشی وەئەسۆگرت. ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی فەرماندەیی هێزی پارێزگاری وەئەستۆ گرتەوەو و دواتر بەرپرسی و بەشی پاراستنی و ئەندامی کۆمیتەی ئەمنییەت بوو.

کاک کەریم لە کۆنگرەی ١٤حیزب متمانەی زیاتری پێکراو و بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا و ساڵی ١٣٨٧ بەرپرسایەتی کۆمیسۆنی ماڵیی وەئەستۆگرت، و دواتر بەرپرسایەتی پیوەندێکانی لە شاری سولێمانی پێسپێردراو و بەڕاپەڕاندی ئەرک پێئەسپێردراوی دا. دواین بەرپرسایەتی کاک کەریم ئەندامی کۆمیتەی ئەمنییەت بوو.

کاک کەریم پێنج جار لەشەڕ لە گەڵ دوژمنانی ئازادی بریندار بوو، بەڵام هیچکام لەو بریندرا بوونانەش ئێرادەیان لاواز نەکرد، و هەموو جارەکان پاش ساڕێژ بوونەوەی زامەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و گەیشتن بە مافی گەلەکەی. بەداخەوە دەستی تاوان ئەویشی لە گەلی کورد ستاندوو، و لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکرات گیانی بە نیشتمان بەخشی.

شەهید ڕەحمان پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان



شەهید ڕەحمانی پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان کوڕی کاک فەقێ ڕەسوول. ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتماندۆستی ناوچەی لاجانی شاری پیرانشار چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە یەکێک لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا پیتەکانی ئەلف و بێی ناسین و لەگەڵ دنیای فێربوونی زانست ئاشنا بوو. ژیرانە دەرسی خوێند و وەک قوتابییەکی زیرەک قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بڕوانامەی دیپلۆمی و دەست هێنا.

کاک ڕەحمان هێشتا تەمەنی زۆر لە سەرێ نەبوو کە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە ڕێگای سەید ڕەسوولی دێهقان ناسراو بە سەید ڕەسوولی بابی گەورەوە لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بوو. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش چەکی شەڕەفی کردە شان و لە ڕیزی مەشخەڵدارانی هێزی شەهید ئاوارە سەر بە ناوچەی پیرانشاردا سازمان درا.

کاک ڕەحمان یەکێک لەو لاوە فیداکار و ئەرک وەخۆگرانە بوو کە زۆر زوو لە بواری نیزامیدا گەشەی کرد و گەیشتە پلەی بەرپرسایەتی. سەرەتا وەک فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و، پاش ماوەیەک فەرماندەیی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی وە ئەستۆ گرت. بەڵام کاک ڕەحمان تەنیا فەرماندەیەکی هەڵکەوتووی نیزامی نەبوو، بەڵکوو لە بوارەکانی

سیاسی و تەشکیلاتیشدا بە حەق لێوەشاوە بوو. لە خۆڕا نەبوو کە زۆر زوو متمانەی هاوسەنگەرەکانی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردرا و ئەرکی سەر شانی قورستر بوو. کاک ڕەحمان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر نیشان دەدا، پاش ماوەیەک ئەرکی فەرماندەریی لکی پێ سپێردرا و هەر بەو ئیمان و باوەڕەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. بەڵام ئەوە دواییین بەرپرسایەتیی ناوبراو نەبوو. زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی شارەزابوونی لە هونەری نیزامیدا بە جێگری فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارە دیاریی کرا.

کاک ڕەحمان یەکێک لەو کادرە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە لە هەر مەڵبەندێکی کوردستان ئەرکی بۆ دیاری کرابا، بێ دوودڵی و ڕاڕایی قەبووڵی دەکرد و هەموو ناوچەکانی بە ماڵی خۆی دەزانی. ساڵی ١٣٥٩ بۆ ناوچەی شنۆ نەقڵ کرا، بووە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و بەرپرسایەتیی هێزی شەهید سمکۆی پێ سپێردرا و زۆر زوو لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێی خۆی کردەوە و بەو پەڕی دڵگەرمییەوە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامییەکانی و، لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتووانەدا، لەوانە زنجیرە عەمەلیاتەکانی دەڕەی قاسملوو فەرماندەیی پێشمەرگەکانی کرد. بەڵام ئەوەش دواییین بەرپرسایەتیی کاک ڕەحمان نەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا زیاتر هێز و توانای خۆی دەسەلماند و، خۆی بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی قورستر ئامادە دەکرد. پاش ماوەیەک بۆ ناوچەی بۆکان نەقڵ کرا و بە فەرماندەریی هێزی ١١٠ی بەیان دیاریی کرا و هەر بەو دڵگەرمییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی دا.

کاک ڕەحمان کە وێڕای ئەنجام دانی ئەرکە نیزامییەکانی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بۆکانیش بوو، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە هێندێک هۆی تایبەت لە ئەرکی حیزبی دوور کەوتەوە و گەڕایەوە نێو ماڵ و خێزانی و ژیانی ئاسایی دەست پێ کردەوە. کاک ڕەحمان بۆ ماوەی چوار ساڵان لە ئەرکی حیزبی دابڕا، بەڵام ئەو دابڕانە هەمیشەیی نەبوو، دوای ئەو چوار ساڵە لە سەردانێکی دەفتەری سیاسیدا پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبەکەی نوێ کردەوە و، وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و ئەندامانی نێوخۆ ئەرکی پێ سپێراوی بەرپێوە برد. لەو ماوەدا ڕۆڵی بەرچاوی لە پێوەندیی حیزب بە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی حیزب لە ناوخۆ هەبووە و وەک کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەک تەنیا لە پیرانشار و دەوروبەری بەڵکوو لە هاندانی خەڵک بەتایبەت خوێندکار و کەسایەتییەکان و نوێنەرانی پەرلەمان بۆ داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەیی هەڵسوڕاوە. ئەو هەڵسوڕان و تێکۆشانە سیخوڕەکانی ڕێژیمی وە گومان خست و بەردەوام لە ژێر چاوەدێریدا بوو، هەر بۆیە مەودای حەوانەوەی لێ بەرتەسک بۆوە و، ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی بە ناچار زێد و ژینگەی خۆی بەجێهێشت و بە بنەماڵەوە پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون و، وەک ئەندامێکی چالاک ئەرکی وە ئەستۆ گرتەوە.

ساڵی ١٣٨٦ کاک ڕەحمان کە لەلایەن حیزبەوە وەک میوان بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی ١٤ دەعوەت کرابوو، دەنگی

متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، و لەدابەشکردنی ئەرک وبەرپرسایەتییەکانی کۆنگرەدا بە ئەندامی کۆمیسیونی تەشکیلات دیاریکرا، و بەرپرسایەتی هەرێمی ئاگری پێسپێردرا و چالاکانە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە تەشکیلاتییەکان، و ماندوویی نەناسانە لە خزمەت بەرژەوەندییە گشتییەکانی حیزب لە ناوخۆی وڵات لە پیوەندیی تەشکیلاتیدا بوو. کاک ڕەحمان یەکێک لەو کادرە خاوەن ئیرادە و بیرو باوەڕانە بوو کە لە کارکردندا ماندوویی نەدەناسی، و لە دژواری سەر ڕێگای تێکۆشانی سڵی نەدەکرد، چ لەبواری سیاسی و چ لە بواری نیزامیدا بە حەق کادر بوو، ئەو تایبەتمەندییانەو زۆر تایبەتمەندیی پەسندی دیکە ئەویان کردبووە خۆشەویست و جێی بڕوا و متمانەی هاوڕێیانی. لە خۆڕا نەبوو لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب کە لە سالی ١٣٩٠ی هەتاوی پێک هات، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا کە بە حەق شیاوی ئەو پلەوپایە بوو.

لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبدا بۆ جارێکی دیکە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و درێژەی بە تێکۆشانی دا. دواییین بەرپرسایەتی کاک ڕەحمان لە کۆمیسیۆنی ئاموزش بوو کە بە هۆی شارەزابوون لەو بوارەدا بە ئەندامی ئەو کۆمیسۆنە دیاری کرا و هەر بەو ئیمان و ئیرادەیەوە و بە هێزەوە شانی دایە بەر بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی و چ لەبواری وانەووتنەوە لە دەورە سیاسییەکاندا و چ لە بواری نووسینی وتار و تۆێژینەوەی سیاسی و مێژوویەکاندا یەکێک لەو کادرە بە توانایانە بوو کە بە حەق جێ‌پەنجەی دیار بوو. بەڵام سەد داخ و مخابن ئەویش وەک ١٣ هاوڕێ شەهیدەکەی چێژی لە میوەی بەری داری ڕەنج و خەباتی وەرنەگرت، و لە مووشەک بارانەکەی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکراتدا خوێنی پاکی تێکەڵ بە خاک وخۆڵی کوردستان بوو.

شەهید سوهەیلا قادری



شەهید سوهەیلا قادری کچی کاک محەممەد ناسراو بە ئەحمەد سیمبان، ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی خۆش ناو و پێشمەرگەپەروەر و نیشتمان خۆشەویست چاوی بۆ ژیان کردەوە. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا وێڕای خوشکەکانی ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر و لەگەڵ پیتەکانی ئەلف و بێ ئاشنا بوو.

بەڵام لە کۆتایی پۆلی دووی سەرەتاییدا بوو کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد و، بە دوای بە گۆڕسپاردنی ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کاک ئەحمەدی باوکی پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ ئەو حیزبە دامەزراند و، دوو کامیۆنی شارەداریی وەک دەسکەوت تەحویلی حیزب دان و بە بنەماڵەوە کە دایک و باوک و سێ خوشک و دوو برا بوون تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوون و شاریان بەجێهێشت. کاک ئەحمەد خۆی و دوو کیژی ڕووسووری بە ناوەکانی فەریدە و شوعلە و خاتوو ئامینەی خێزانی چەکی پێشمەرگەیان کردە شان و تێکەڵ بە کۆڕی دیفاعی چەکدارانە بوون.

سوهەیلا پۆلەکانی خوێندنی لە سێیەمی سەرەتاییەوە تا کۆتایی یەکەمی دەبیرستان لە خوێندنگەکانی حیزبدا گەیاندنە کۆتایی. ساڵی ١٣٦٥ لەگەڵ پۆلێک لە کیژ و لاوانی بنەماڵەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ

حیزبەکەیان دامەزراند. هەر ئەو ساڵە پێوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزراند و، وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی وەئەستۆ گرت. سوهەیلا لە ساڵی ١٣٦٧تەوە بەردەوام بەرپرسایەتیی شانەی تەشکیلاتیی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئەستۆ بوو.

خاتو سوهەیلا ساڵی ١٣٦٨ پاش دیتنی دەورەی مامۆستایی لە کۆڕی پەروەردەی حیزبی دێموکراتدا وەک مامۆستای گەورە ساڵان دیاری کرا و، دڵسۆزانە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی دژێ نەخوێندەواریی دا. ساڵی ١٣٦٩ بە هۆی ئەوە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دوو دەورە لە پۆلەکەی بە سەرکەوتنەوە بڕیبوون، لە لایەن کۆڕی پەروەردەوە بە نووسراوە تەشویق کرا.

ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لەگەڵ کادری تێکۆشەر و ماندووبی نەناسی حیزب کاک مەنسووری خوسرەوی ژیانی هاوبەشیی پێک هێنا و، بەرهەمی ئەو ژیانە سەربەرزانەیە کیژ و لاوێک بە ناوەکانی نەمام و ئارامن.

خاتو سوهەیلا ساڵی ١٣٧٤ دوای دەورەیەکی دیکە و دوو ساڵ مامۆستایی، لە دەورەیەکی دیکەی مامۆستاییدا بەشداریی کرد و بە ماوەی چوار ساڵی دیکە دەرسی گەورە ساڵانی گوتەوە.

ساڵی ١٣٧٦ کە لەگەڵ کۆمیسیۆنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بۆ کەرکووک نەقڵ کران، وەک سەرشانەی ژنانی بنەماڵەکانی ڕادیۆ ئەرکی وە ئەستۆ گرت و، دوای ساڵێک لەگەڵ گوێگرانی ڕادیۆ لە پێوەندیدا بووکە لە ڕێگای بێتەل و تەلەفوونەوە تێکۆشانی بەردەوام بوو.

بە دوای گەڕانەوەمان لە کەرکووکەوە بۆ ناوچەی کۆیە، خاتو سوهەیلا ئەرکی مامۆستایی وە ئەستۆ گرتەوە و، ساڵی ١٣٨٢ لە سێیەمین کۆنفڕانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنفڕانسی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە هەڵبژێرا. ساڵی ١٣٨٤ لە دیتنی دەورەیەکی دەرمانیدا لە نەخۆشخانەی ئازادی پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. هەر لەو ساڵە لە فێرگەی سیاسی - نیزامی وەک مامۆستا دەرسی مافی ژنانی گوتۆتەوە. ساڵی ١٣٨٥ لە یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانداو بۆ جارێکی دیکە بە ئەندامی بەڕێوەبەریی هەڵبژێرایەوە.

خاتو سوهەیلا لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٨٠ تا ١٣٨١ لە دەورەی سیاسیدا بەشدار بووە کە یەکەمیان لە لایەن یەکیەتیی ژنان و دووهەمیان لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە بەڕێوە چووە.

پاییزی ساڵی ١٣٨٥ تەواو وەخت و بە کردەوە بەرگی پڕ لە سەروەریی پێشمەرگەی پۆشی و بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی - نیزامی کرا. دوای دیتنی دەورەکەی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا وەک وێژەر و ئامادەکاری بەرنامە و، وەرگێڕانی هەواڵەکان ئەرکی وە ئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٨٦ لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبدا کە دووهەمین کۆنگرە بوو بەشداریی تێدا دەکرد، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراو، دوای کۆنگرە بە جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ دیاری کرا.

خاتو سوهەیلا لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٥ و ١٣٨٦ دا سێ لەوحەی ڕێز لێنانی پێ بەخشراوە کە یەکەمیان لە لایەن دەفتەری سیاسی لە ساڵرۆژی ڕادیۆدا و، لە لایەن کۆمیسیۆنی ئاموزش بۆ وەدەست هێنانی پلەی یەکەم، لە فستیڤاڵی پێشمەرگەدا لە بواری شیعر و ٢٥ ساڵەی فێرگەی سیاسی - نیزامی بە بۆنەی کاری بەردەوامی لەگەڵیاندا. ساڵی ١٣٨٧ لە کانادا ئاسمانیی کوردکانادا وەک وێژەری هەواڵ و لە هەمان کاتدا ئامادەکاری بەرنامە ئەرکی وە ئەستۆ گرت. هەر ئەو ساڵە لە دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانەدا بە دەنگی زۆرینەی بەشداران بە سکرتێری گشتیی ئەو یەکیەتیە هەڵبژێرا. لەم دواییانەشدا وەک ئەندامی هەیئەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دیاری کرا و لە چەند کۆبوونەوەی ئەو پێنج حیزبەی ڕۆژهەڵاتدا بەشداریی چالاکانەی کرد. هەروەها لە بەشی تەشکیلاتیشدا ئاڵقەی پێوەندیی نێوان بەشێک لە ژنانی ئەندام لە نێوخۆ و کۆمیسیۆنی تەشکیلات بوو.

خاتوو سوهەیلا لە بواری ئەدەبیشدا ئۆگریەکی لە ڕادەبەدەری بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی هەبوو. ساڵی ١٣٨٥ یەکەمین کۆمەڵە شیعری لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە لە وڵاتی سوئێد چاپ و بڵاو کرایەوە، هەروەها ساڵی ١٣٨٧ لە تاقی کردنەوەی بواری ئەدەبییدا بە شێوەی موتەفەریقە لە شاری هەولێر بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خاتوو سوهەیلا کە لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە و پێشمەرگە پەروەردا باوخۆش ببوو ئەوە بوو کە لە کار نەدەترسا، لە تێکۆشاندا ماندووبی نەناس و پشوو درێژ بوو. هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک لە لایەن حیزبەوە بۆی دیاری کرابایە بە گیان و بە دڵ قەبوولی دەکرد. بەڵام بە داخەوە ئەویش بەو ئاواتە نەگەیشت کە هەوڵی بۆ دا و بە جوانەمەرگی سەری نایەوە. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا شەهید کرا و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو.

شەهید هاشم عەزیزی



شەهید هاشم عەزیزی کوڕی محەممەد ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە حوجرەی فەقێیاندا وەبەر خوێندنیان نا. دواتر لە یەکیک لە خوێندنگەکانی شاری بانە درێژەی بە فێربوونی زانست دا و، قۆناغەکانی خوێندنی تا پۆلی سێهەمی نەزەری بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا بە دژی ڕژێمی بێزراوی پاشایەتی، کاک هاشمیش یەکێک لەو لاوە خوێندگەرمانە بوو کە بێ ڕاوەستان تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازیانی بوو. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دامەزراند و تێکۆشانی تەشکیلاتی لەو ڕێکخارەوەیەدا دەست پێدەکا. دواتر لە ئاخیری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە هۆی شەهید کاک عومەری ڕەحیمی ڕووی کردە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو و لە بەشی چاپەمەنی کومیتە شارستانی بانەدا ئەرکی بۆ دیاری کرا.

کاک هاشم دواتر لە بەشەکانی دەرمانی، تەداروکات، حیسابداریی، بەشی ئاموزشی سیاسی، چاپەمەنی و تەبلیغاتدا درێژەی بە ڕاپەڕینی ئەرکی پێ سپێردراو، بۆ ماوەیەکیش وەک، مامۆستای شۆڕشی ئەرکی خوێندەوارکردنی پیشمەرگەکانی

وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بۆ بنکەی پێوەندییەکانی دەرەوە لە شاری سلێمانی نەقڵ کرا، هەر بەو ئیمان و ئیرادەیەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێردراوی دا.

کاک هاشم بە هۆی چالاکی و هەڵسووڕی و باوەڕی پتەوی بە ڕێبازەکەی زۆر زوو سەرنجی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و گەیشتە پلەی کادری سیاسی و بە ئەندامی کومیتەی شارستانی شاری بانە هەڵبژێردرا. وئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە گۆڕەپانێکی تاقیکردنەوەی دیکە بوو کە لێهاتوویی و کارامەیی خۆی زیاتر تێدا سەلماند و بە کردەوە نیشانی دا کە لە توانای دایە ئەرکی قورستریش وە ئەستۆ بگرێ و خزمەتی زۆرتر بە خەباتی نەتەوەیی نەتەوە مافخوازەکەی بکا. لە خۆڕا نەبوو کە پاش ماوەیەک متمانەی زیاتری هاوڕێیانی وەدەست هێنا و بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانی بانە هەڵبژێردرا کە بەحەق هاوڕێیانی لەو هەڵبژاردنەدا بەهەڵە نەچوون و کاریان بە کارزان سپارد. لە ماوەی ئەو پۆستە گرینگەدا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وە ئەستۆ گرتن و لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.

کاک هاشم ساڵی ١٣٧٥ کە سەر داوای خۆی بۆ کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت نەقڵ کرا و لەوێش لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی سەداقەت و ڕاستی و پاکی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای بەرێوەبردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی لەو کومیتەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا بۆ خوێندەوار کردنی پێشمەرگەکان بە هەموو توانایەوە تێکۆشا. ساڵی ١٣٧٧ لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ بەشی پیوەندییەکان لە شاری بەغدا نەقڵ کرا و ئەرکی پێڕاگەیشتن بە نەخۆش و بریندارەکانی وە ئەستۆ گرت. هەروەها خاتوو سورەیای هاوژینیشی لە بواری ئاشپەزی و پێڕاگەیشتن بە کار و باری بنکە و خزمەت بە کادر و پێشمەرگەکان ئەوپەڕێ فیداکاری لە خۆی نیشاندا و ماندوویینەناسانە هەوڵی دا.

کاک هاشم ساڵی ١٣٨١ بۆ کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی نەقڵ کرا و لە بەشی قەزاییدا ئەرکی وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٨٢ بۆ کۆمیتەی ئەمنییەت بەڕی کرا و بەو پەڕی لێهاتوویییەوە لە خزمەت بەرێوەبردنی ئەرکی پێ سپێراوی دابوو. دواتر لە کۆمیسۆینی سیاسی - نیزامیدا ئەرکی وەئەستۆ گرت و بە هۆی کارامەیی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە بەرێوەبردنی ئەرکی پێ سپێردراویدا گەیشتە پلەی ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە.

کاک هاشم یەکێک لەو کادرە باوەڕ بەخۆبووانە بوو کە لە یەکەم سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە دەستی پێکرد و پلەی تەشکیلاتییەکانی یەک لە دوای یەک بەسەرکەوتنەوە بڕین. لە کۆنگرەی ١٥یەمی حیزبدا کە ساڵی ١٣٩١ بەڕێوەچوو، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژیرا. لە دابەشکردنی ئەرکەکانی وەدوای کۆنگرە بەرپرسایەتی بەشی خەدەماتی پێسپێرا بەو پەڕی لێهاتوویییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیدا

دوایین بەرپرسایەتی کاک هاشم لە بەشی پیوەندییەکانی کۆیە بوو کە لە بەڕیەوەبردنی ئەو ئەرکەشدا سەرەکەوتنی وەدەست هێنا بە هەموو توانایەوە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی حیزبەکەیدا بوو ئەوەی زۆرتر کاک هاشمی کردە جێی بڕوا و متمانەی هاوڕێیانی ئیمان و باوەڕی پتەو بە ڕێبازەکەی، نەزم و دیسپلینی پیداگر لەسەر بەڕیوەدردنی ئەو ئەرکە بڕیارەکانی حیزب بوو. بەڵام بەداخەوە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی ناکامی گەلەکەمان چێژی لە بەری داری ڕەنج و تێکۆشانی وەرنەگرت و بە نامرادی سەری نایەوە. لە مووشەکبارانەکەی قەڵای دێموکرات گیانی بە نیشتمان بەخشی و تێکەڵ بە کاروانی سوورنیشانی گەلەکەمان بوو.

شەهید محەممەد حەسەن پوور



شەهید محەممەدی حەسەن پوور کوڕی کاک حاجی حەمەدەمین دووهەمین شەهیدی بنەماڵە. ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕ و ناوبەدەرەوە و پێشمەرگەپەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا، وێڕای منداڵانی گەرەک ڕووی کردە خوێندنگە و لەگەڵ دنیای عیلم و زانست ئاشنا بوو. وەک قوتابییەکی زیرەک و پیتۆڵ دەرسی خوێند و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بەسەرکەوتنەوە بڕین و بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا. دواتر لە ئیدارەی پۆست و تەلەگراف و تەلەفووندا وەک کارمەند دامەزرا و، لەو ڕێگایەوە جیا لەوەی کە بە ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕادەگەیشت، لەو سەردەمەدا کە پێوەندی گرتن بە شوێنە دوورەکانەوە دژوار بوو خزمەتێکی بەرچاو بە خەڵکی شارەکە و دەور و بەری بوو.

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی محەممەد کە هێشتا لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو، حاجی حەمەدەمینی باوکی کە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەرانی دێموکرات لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە چۆڵەپێچەن دران و ڕاپێچی ئەشکەنجەگاکان دران و، بە ماوەی ٣١ مانگ لە ژێر نازار و ئەشکەنجەی جەللادەکانی ئەو ڕێژیمەدا بوون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لەو تەمەنە کەمەدا شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر هەستی بێ خەوشی دانا و، قینێکی پیرۆزی لە ناخیدا بەرانبەر ئەو ڕێژیمە دژ بە کوردە جێگر کرد و، دژایەتیی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە شوومەی

به ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی.

محەممەد بەرەبەرە بە خۆدا هات و باوخۆش بوو. دۆست و دوژمنی خۆی بە تەواوی ناسین و بەدوای ڕێگای ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەدا گەڕا. بزووتنەوەی چەکدارانەی سالّەکانی چل و شەش و چل و حەوتی تێکۆشەرانی دێموکرات و، هەروەها خوێندنەوەی ئەو نووسراونامانە کە لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە بە باوکی دڵسۆزی دەگەیشتن، هەستی ئازادیخوازی و نیشتمان خۆشەویستیی کاک محەممەدیان ئەوەندەی دیکەش ورووژاند و، بەرەو ڕێبازی پڕ لە سەروەریی ئەو حیزبە خاوەن مێژووە ڕێگای بۆ دەست نیشان کرد.

ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە ڕێگای کاک حەمەڕەسوولّی حەسەنپوورەوە کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە بوو، پێوەندیی تەشکیلاتیی دامەزراند و، وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی ڕووبەڕووبونەوەی گەلەکەی بە تایبەت لاوەکانی وە ئەستۆ گرت.

وەک ئالّقەی پێوەندیی نێوان تێکۆشەرانی حیزب کە لە گەرمێن بوون و ئەندامانی نێوخۆ بەردەوام لە هەڵسووڕان و تێکۆشاندا بوو، هەر بۆیە سیخوڕەکانی ساواکی شا، لێی وەگومان کەوتن و بە بیانووی جۆراوجۆر بانگ دەکرا و لێ پرسینەوەی لەگەڵ دەکرا.

کاتێک خۆپیشاندان و ڕێپێوان بە دژی ڕێژیم دەستی پێ کرد، هەلی تێکۆشان بۆ کاک محەممەد باشتر ڕەخسا و توند و تۆڵتر لە پێشوو درێژەی بە تێکۆشان دا. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، بێ ڕاوەستان پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێیانی نوێ کردەوە و، چەکی دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی کردە شان و، ئامادەیی خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک دەربڕی.

کاک محەممەد بە هۆی ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوو پاشەکەوتی کردبوون و ئەو باوەڕە پتەوەی بە ڕێبازەکەی بووی، لە یەکەم هەنگاوەکانییەوە گەیشتە پلەی کادری سیاسی و، ساڵی ١٣٥٨ بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا و، بەرپرسایەتیی بەشی ماڵیی کۆمیتەی شارستان و هێزی شەهید موعینیی وە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٣٥٩ بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی سەرسنووریی لە سوونێ پێ سپێرا و هاوکاریی بەشی ماڵیی کۆمیتەی شارستانیشی لە ئەستۆ بوو. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری قەڵادزێ، سلێمانی، هەولێر و

تا کەرکووک بوو.

کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە هەڵسووڕ و ماندووبی نەناسانە بوو کە بە تەواوی جێی بڕوا و متمانەی بەرپرسانی حیزبەکەی بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٤ بەولاوە بۆ ماوەی ساڵێک لە لایەن حیزبەوە نێردرایە دەرەوەی وڵات و لە فەڕانسە مایەوە. دوای گەڕانەوەی، ساڵی ١٣٦٦ بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی دەرەوەی لە شاری بەغدایە پێ سپێرا و، هەر بەو ئیرادە و ئیمانە بەهێزەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێراوی حیزبەکەی دا.

کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە ئەمین و دەست پاک و نەهێنی پارێزانە بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە سکرتاریای حیزب ئەرکی بۆ دیاری کرا و هاوکاری سکرتێر بوو. ساڵی ١٣٧٧ لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرا و ئەرکی پێوەندییەکانی بەڕێوە برد.

ساڵی ١٣٧٩ وەک جێگری کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزبی لە شاری بەغدا پێ سپێرا و بەو پەڕی لێهاتوویییەوە لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرک و بڕیارەکانی حیزبدا بوو.

ساڵی ١٣٨٣ بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزبی لە شاری سلێمانی پێ سپێراو دواتر وەک کادری سکرتاریا لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیدا بوو، هەروەها لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبدا بەشداریی چالاکانەی هەبوو.

کاک محەممەد ساڵی ١٣٦٤ لەگەڵ خاتوو نەسرین حەدداد کە بە بنەماڵەوە حیزبی و پێشمەرگە بوون ژیانی هاوسەریی پێک هێنا، جێی سەرنجە خاتوو نەسرینیش یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە گەیشتە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، بە داخەوە ئەویش هەر لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا شەهید کرا و گیانی بە نیشتمان بەخشی. کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە پێگەیشتووانە بوو کە بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و گەلەکەیدا بوو. تەنانەت بە شەهید کرانی کاک حەمەساڵحی براشی کە کادرێکی کارامەی حیزب و ساڵی ١٣٦٨ لە مەئموورییەتی حیزبیدا لە ناوچەی شنۆیە لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید کرا، وەرە و ئیرادەی دانەبەزی و لە تێکۆشان هەنگاوی پێ شل نەبوو. بەڵام بە داخەوە ئەویش بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا گیانی بە نیشتمان بەخشی.

شەهید عوسمان عوسمانی



شەهید عوسمانی عوسمانی کوڕی مامۆستا مەلا محەممەد ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی گوندی گردئاشەوان سەر بە ناوچەی پیرانشار چاوی بۆ ژیان کردەوە، دواتر ساڵانێک لە ناوچەی پەسوێ ژیاون و چەند ساڵیش لە گوندی کێلێ ی سەر شاخان گیرسانەوە.

قۆناغی ساوایی بە نازی دایک و بابی وەدواخۆدا و خرەکە و پیڕۆکە بوو، ڕووی کردە قوتابخانەی گوندەکەیان و تێکەڵ بە کۆڕی قوتابیە هاوپۆلەکانی بوو، بەڵام بە هەر هۆیەک بوو تەنیا تا کۆتایی قۆناغی سەرەتایی توانیی بەردەوام بێ و ماڵاوایی لە خوێندن و خوێندنگە خواست.

عوسمان بە هۆی ئەوە کە مامۆستا مەلامحەممەدی باوکی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوییەوە تێکەڵ بە کۆڕی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لەو سەردەمەدا ماڵەکەیان شوێنی حەوانەوەی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بوو، زۆر زوو لەگەڵ بەرنامە و ڕێبازی ئەو حیزبە ئاشنا بوو. هەر بۆیە بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیدا و، زەوتکردنی دەسەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش، وێڕای مامۆستا مەلا محەممەدی باوکی ڕێگای دیفاعی چەکدارانەی هەڵبژارد.

بـه بنەماڵـەوە زێـد و ژینگـەی خۆیـان بـه جـێ هێشت و، شـان بـه شـانی ئـاڵا بـه دەسـتانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان سەنگەریان لە هێزە پەلامارەدەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بـۆ سـەر کوردستان گـرت و، لـه کۆمیتـەی شارستانی نەغـەدە ئەرکی بۆ دیاری کرا.

عوسمان یـەکێک لـەو پێشمەرگە زیـرەک و خـاوەن بیـر و باوەڕانـه بووکـه زۆر زوو گەشـەی کـرد و، سـاڵی ١٣٦٠ی هـەتـاوی گەیشتە پلەی کادری سیاسی، هەر ئەوسـا لـه بـۆ دیتنـی دەورەی ڕایەڵکەی پێوەنـدی ڕەوانـەی ناوەنـدی بێسـیم کـرا و، پـاش تەواو کردنی دەورەکەی وەک بێسیمچی ئەرکی بۆ دیاری کرا و، پاش ماوەیەک بۆ کۆمیتەی شارستانی بانە نەقڵ کرا.

کـاک عوسمان هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتانی بـه مـاڵی خـۆی و، خـۆی بـه جگەرگۆشـەی هـەموو کـوردێکی دڵسـۆز و نیشـتمان پەروەر دەزانی. بۆ هەر جێگایەک مەئموریەتی پێ سپێرابایە بە گیان و بە دڵ ئەنجامی دەدا و لە سـەختی و دژواریـیـەکانی سڵی نەدەکرد.

سـاڵی ١٣٦١ بـۆ کۆمیتـەی شارسـتانی نەغـەدە نـەقڵ کـرا و بـوو بـه ئـاڵقـەی پێوەنـدیی نێـوان کۆمیتـەی شارسـتان و دەفتـەری سیاسی. سـاڵی ١٣٦٣ بۆ کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بەڕێ کرا و درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. سـاڵی ١٣٦٤ بـۆ کۆمیتـەی شارسـتانی شنۆیە مەئموریـەتی پـێ سپێرا و هـەر بـەو ئیمـان و ئیـرادە بـەهێزەوە لـە بـواری ڕایەڵکـەی بێسـیمیدا تێکۆشانی درێژە پێدا.

کاک عوسمان یەکێک لەو کادرە خاوەن ئەزموون و دەست پاک و نـەهێنی پارێزانـە بـوو کـه سـاڵی ١٣٦٥ بـۆ بنکـەی دەفتـەری سیاسی لە گەورەدێی باشووری کوردستان نـەقڵ کـرا و بـوو بـه ئـاڵقـەی پێوەنـدیی نێـوان دەفتـەری سیاسی و سـەرجەم هێـز و کۆمیتەی شارستانەکان.

هەر ئەوسا لەگەڵ خاتوو خەدیجەی پوورمەنـد ژیـانی هاوسـەریی پێـک هێنـا کـه خـاتوو خەدیجـه ئێستاش لـه ڕیـزی کـادر و پێشمەرگەکانی دێموکراتـ لە خەبات و تێکۆشاندایە. دواتر هەر لەو سـاڵەدا بـۆ بەندیخانـەی ناوەنـدیی حیـزب نـەقڵ کـرا و ئەرکی سەرپەرەشتی و پێڕاگەیشتنی ئەو ئۆرگانەی وە ئەستۆ گرت.

سـاڵی ١٣٦٧ وەک بێسیمچی و کـادری سکرتـاریـای دەفتـەری سیاسـی لـه دەبیرخانـەی حیزبـی دێمـوکراتـ ڕێبەرایـەتیی شۆڕشگێڕ ئەرکی بۆ دیاری کرا.

بە دوای وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزب لە ساڵی ١٣٧٥دا، کاک عوسمان وەک کادرێکی کارامە و خاوەن ئەزموون لە سکرتاریای حیزب ئەرکی بۆ دیاری کرا و بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێراوی بوو.

کاک عوسمان مرۆڤێکی سادق و دڵپاک، بێ فیز و دەمار، خاکی و خەڵکی و گەلدۆست و نیشتمان خۆشەویست بوو. لە هەر ئۆرگانێکدا بایە لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا دەژیا و هەموان بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی.

بەڵام بە داخەوە ئەویش کەم ژیا و بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا گیانی فیدای ئازادیی کرد و بە خوێنی گەشی نەمامی ساوای ئازادیی پاراو کرد.

شەهید کەریم ڕەسوولزادە ناسراو بە مام شێرکۆ



شەهید کەریمی ڕەسوولزادە ناسراو بە مام شێرکۆ، کوڕی کاک ڕەحمان، ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی وەتماناوێ سەر بە ناوچەی ڕەبەت چاوی بۆ ژیان کردەوە. لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا گەشەی کرد و، پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی وەبەر خوێندنیان نا. ژیرانە دەرسی خوێند و تا کۆتایی پۆلی دووی ناوەندیی درێژەی بە فێربوونی زانست دا. دواتر بۆ ئەوەی چاو لە دەستی ئەم و ئەو نەبێ ڕووی کردە مەیدانی کار و کاسبی و، دابین کردنی بەشێک لە بژیوی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی بنەماڵەکەی وە ئەستۆ گرت.

کەریم کە ئۆگرێکی لەڕادەبەدەری بە وەرزش هەبوو بە هۆی شارەزایی لەوبەشەدا بە کاپیتانی تیمی وەرزشی سەردەشت دیاری کرا.

کاتێک گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکانی شارەکانی ئێران و کوردستان، کەریمیش یەکێک لەو لاوە خوێن گەرمانە بوو کە هەستی نەتەوایەتیی ناخی وروژاند و بەرەو شەپۆلی ناڕازییان پاڵی پێوەنا. بە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و، بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و، داسەپاندنی شەڕ بە سەر گەلی کورددا لە لایەن ئەو ڕێژیمە ڕەگەزپەرستەوە، وەک زۆر لە لاوە هاوتەمەنەکانی دیفاع لە گەل و نیشتمانەکەی بە ئەرکی سەر

شانی خۆی زانی. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی پێوەندیی تەشکیلاتیی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراند و، وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی ڕوونکردنەوەی لاوە هاوتەمەنەکانی وە ئەستۆ گرت، ئەو هەڵسووڕان و تێکۆشانە سیخوڕەکانی ڕێژیمی وەگۆمان خست و بە ماوەیەکی دووردرێژ ڕاپێچی چاڵەڕەشەکان دوور خرایەوە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە.

کەریم پاش ماوەیەک ئەو ئەرکەشی بە کەم زانی و، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕاستەوخۆ چەکی پێشمەرگەی کردە شان و، تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو.

لە لکی ٢ی شەهید مینەشەم، سەر بە هێزی شەهید موعینیدا سازمان درا و، وەک پێشمەرگەیەکی نەترس و خاوەن بیر و باوەڕ درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامییەکانی دا و، نازناوی مام شێرکۆی بۆ دیاریی کرا.

مام شێرکۆ یەکێک لەو پێشمەرگە ئازا و نەترس و دوژمن تەزێنانە بوو کە زۆر زوو لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێی خۆی کردەوە و، بە هۆی غیرەت و جوامێری شارەزابوونی لە بواری نیزامیدا متمانەی زیاتری پێ کرا و بە فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا.

وەک فەرماندەیەکی کارامە و باوەڕ بەخۆ بوو، لە زۆر شەڕی بە ناوبانگی ناوچەی ڕەبەتدا بەشداریی چالاکانەی کرد و دوژمنی تەزاند. زۆربەی کات لە سەنگەری پێشەوەدا فەرماندەیی دەکردو ، وەی بە پێشمەرگەکان دەبەخشی و بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی دڵگەرمیی دەکردن. لە هەر سەنگەرێکدا بایە نەتەی دوژمنی دەبرد و چارەنووسی هەڵاتن یا تێداچوون بوو.

مام شێرکۆ یەکێک لەو لاوە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ وەڕ و ئیرادەی خۆی لە مەیدانی کردەوەدا زیاتر نیشان دەدا و، خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی ئەرکی قورستر ئامادە دەکرد. هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە بۆ دیتنی دەورەی سیاسی بۆ فێرگەی سیاسی - نیزامی بەڕێ کرا و، پاش تەواو کردنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا گەیشتە پلەی کادری سیاسی.

ساڵی ١٣٧٠ وەک کادری سیاسی لک دیاری کراو ئەرکی ڕوونکردنەوە و پێگەیاندنی پێشمەرگەکانی وە ئەستۆ گرت.

دواتر وەک کادری کۆمیتەی شارستان ئەرکی وە ئەستۆ گرت و، هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت

هەڵبژێرا و ئەرکی سەر شانی قورستر بوو. بە دوای پێک هاتنی ناوەندی دووی کوردستان لە بەشی ئەمنییەتیی ئەو ناوەندەدا ئەرکی وە ئەستۆ گرت و، بەو پەڕی لێزانی و وردبینییەوە درێژەی بە تێکۆشان دا.

مام شێرکۆ مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و بیر و باوەڕی کوردانە، پشوودرێژ و لەسەرەخۆ، زمان شیرین و بە وێقار، خاکی و خەڵکی و کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو.

لە تەنگەبەرترین قۆناغدا وەی دانەدەبەزی و، لە هەڵوێست گرتندا دوودڵ و ڕاڕا نەبوو. بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە دوو جار لە لایەن بەرپرسانەوە تەشویق کرابوو.

دواییین بەرپرسایەتیی مام شێرکۆ لە بەشی پەزیرش بوو کە تێکۆشانی جێی شانازی بوو. لە کۆنگرەکانی یازدە و دوازدەدا وەک نوێنەری کادر و پێشمەرگەکان بەشدار بوو. بە داخەوە ئەویش لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا شەهید کرا و بە خوێنی گەشی نەمامی ساوای ئازادیی پاراو کرد.

شەهید قادر عیزەتی ناسراو بە مامەقالەڕیشە



شەهید قادر عیزەتی ناسراو بە مامەقالەڕیشە کوڕی کاک سالح ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی چاوگ سەر بە ناوچەی مەریوان چاوی بۆ ژیان کردەوە. وەک زۆر لە منداڵانی گوندەکانی کوردستان لەوسەردەمەدا بە سەرەتایی‌ترین پێداویستێکانی ژیان قۆناغی منداڵی وەدواخۆدا، و بەهۆی تەنگ و چەڵەمەی باری ژیانی بنەماڵەکەی هەڵی خوێندنی بۆ نەڕەخسا، و وەک زۆربەی منداڵە هاوتەمەنەکانی نەخوێندەوار مایەوە.

قادر هێشتا لە تەمەنی مێرمنداڵی‌دا بوو کە ڕەوتی ژیان ناچاری کرت ڕووبکاتە میدانی کاروکوێرەوەری و بە کرێکاری و خۆماندوو کردن ئەرکی دابین کردنی بەشێک لە بژێوی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی بنەماڵەکەی وەئەستۆ گرت، ئەو ژیانە نابەرونەبڕاوە زۆر زوو شوێنەواری لە سەر هەستی قادری لاو دانا و هەستی بە ژیانی بن دەستی گەلەکەی دەکرد. هەر بۆیە بە دوای ڕاپەڕینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران، و زەوتکردنی دەستەڵات لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، وێڕای زۆر لە لاوانی ناوچەی مەریوان بۆ بەرگری لەدەسکەوتەکانی شۆڕش ڕووی کردە ڕیزەکانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و تێکۆشانی بەکردەوە و تەواوەختی دەستپێکرد، و لە هێزی زرێواری مەریوانداا سازماندرا.

کاک قادر کە نازناوی مامەقالەڕیشەی بۆ دیاری کرا، وەک پێشمەرگەیەکی چوست و چالاک و نەترس و فیداکار ئەرکی

وەئەستۆگرت و کاتێک ڕێژیم شەڕی بەسەر گەلەکەمدا سەپاند و دیفاعی چەکدارانەی حیزب و ڕێکخراوە

سیاسییەکان هەوێنی گرت، لێبڕاوانە لەبەرامبەر هێرشی دوژمندا ڕاوەستاو، و لە زۆر شەڕی حماسیدا بەشداری چالاکانەی کرد، و بە هۆی نەترسی و شارەزابوونی لە بواری نیزامیدا متمانەی هاوسەنگەرانی وەدەست هێنا و بە فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و ئەرکی سەرشانی قۆرستر بوو.

مامەقالەڕیشە ڕۆژ بەڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر نیشان دەداو و خۆی بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی قۆرستر ئامادە دەکرد. هەر بۆیە دوای ماوەیەک بەفەرماندەری دەستە دیاری کرا و درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامییەکانیدا.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بە هێندێک هۆی تایبەت لە بەڕیوەبردنی ئەرکی حیزبیدا ژیانی ئاسای دەست پێکردوە. بەڵام ئەو دابڕانە زۆری نەخایاند. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوای پێوەندی لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر نوێ کردەوە و لە ناوەندی دووی خواری کوردستانیدا سازماندارو لێبڕاوانە ئەرکی وەئەستۆگرتەوە و گەیشتە وەئەستۆ گرتنی فەرماندەری لە پەلێک لە پێشمەرگەکان.

ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بۆ هێزی پارێزگاری نەقڵکرا، و دواتر ئەرکی پاراستنی بەرپرسانی حیزبی وەئەستۆگرت.

مامە قالەڕیشە لە ماوەی ژیانی پێشمەگایەتی خۆیدا بە هۆی سەرکەوتنی لە بەڕیوەبردنی ئەرکی پێسپێراوی، چوار جار بە نووسراوە لەلایەن بەرپرسانی نیزامییەوە تەشویق کراوە. هەروەها سێجار بە دەستی دوژمنانی ئازادی بریندار بووە. بەڵام ئەو بریندار بوونەش لەپێیان نەخستووە و هەموو جارێ پاس سارێژ بوونەوەی زامەکانی گەڕاوەتەوە سەنگەری دیفاع لە نەتەوەو نیشتمانەکەی.

ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی دوای تێپەرکردنی دەورەی سیاسییەکان پلەی ئیفتخاری کادری پێدراوە. بەڵام بەداخەوە ئەویش سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەی بە چاوی خۆی نەبینی و بە نامرادی سەری نایەوە. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا بەسەختی بریندار بوو، پاش دوازدە ڕۆژ هەموو هەوڵی دوکتورەکان بۆ نەجاتدانی لە مەرگ بی ناکام مایەوە، و ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان لە نەخۆشخانەی سلێمانی گیانی بە نیشتمان بەخشی.

شەهید هاوڕێ کارساز(شێخانی)



شەهید هاوڕێ کارساز کوڕی کاک خالید ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی شێخان سەر بەناوچەی شاری شنۆ چاوی بۆ ژیان کردەوە. بەنازی دایک و بابی بەرەبەرە بە خۆداهات و لە باوەشی پڕ لە خۆشەویستی ئەندامانی بنەماڵەکەیدا باو خۆش بوو، و لە قۆتابخانەی گوندەکەیان و بەر خوێندنیان ناو ژیرانە دەرسی خوێندو و زیرەکانە قۆناغی سەرەتایی و کۆتایی پۆلی دووی ناوەندیشی بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی. دواتر بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕووکردە مەیدانی کار و کاسبی و پاش ماوەیەک پێشەی مکانیکی ڕەچاوکرد و لەو ڕێگایەوە،،، بۆ باوکی زەحمەتکێش و ماندووی گرت.

کاک خالید باوکی هاوڕێ کە بە ماوەی شەش ساڵان لە ڕێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئەرکی دیفاع لە گەل و نیشتمانەکەی وەئەستۆگرتبوو، و بە هۆی بریندارببوونی بۆ ماوەیەک لە ناوچەی سەرشاخان لە نەخۆشخانەی حیزب مایەوە، و سەرەنجام ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی لە گەڵ کۆمەڵێک ئاواتی وەدیی نەهاتوو کۆچی دوای کرت.

هاوڕێ کە لە منداڵیەوە دەرسی خەبات و خۆڕاگریی لە باوکی کۆچ کردوویەوە فێر ببوو، و وەک لاوێکی خوێن گەرم و تامەزرۆی گەیشتن بە ئازادی، بۆ پڕکردنەوەی سەنگەری باوکی لێبڕاوانە هەڵوێستی گرت و بۆ خزمەت بە حیزب و

نەتەوەمافخوازەکەی دوابڕیاری خۆیدا،

لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی خۆی گەیاندە ڕیزە ئاڵا بە دەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرگی پڕلەسەروەریی پێشمەرگەی پۆشی و ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوەی بۆ دەورەی دیتنی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو، و بەهۆی مامۆستا دڵسۆزەکانێ وە کۆمەڵێک ئەزموونی سیاسی و نیزامی پاشەکەوت کردن. دوای تەواکردنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا، لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا سازمان دراو و شانی دایە بەر ڕاپەراندنی ئەرکی پێسپێراوی.

هاوڕێ یەکێک لەو لاوە خاوەن قەولو بەڵێنیانە، و یەکێک لەو پێشمەرگە بە بیروباوەڕانە بوو کە زۆر زوو گەشەی کرد و سەرنجی هاوڕێیانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی متمانەی زیاتری پێکراو. بۆ دەورەی سیاسی ڕوانەی کۆمیسیۆنی ئاموزش کرا. دوای دیتنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدەست هێنا، بەدەستی پڕەوە گەڕایەوە ڕیزی هاوسەنگەرانی و گەیشتە پلەی کادری سیاسی سەرەتا لە هێزی پارێزگاری وەک کادرێکی خاوەن بیروباوەڕ و ماندوو نەناس ئەرکی وەئەستۆ گرت، و بێ نەسرەوتن و هەدادان لەخزمەت بەرژەوەندی حیزب و گەلەکەی دابوو.

ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی بۆ کۆمیتەی ئەمنییەت نەقڵ کراو و هەر بەو ئیمان و باوەڕەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوایدا. ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی ئەرکی پێڕاگەیشتن بە چیشتخانە و ساڵۆنی نان خواردنی کادرو پێشمەرگەکانی وەئەستۆگرت، و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت. دواییین بەپرسایەتی هاوڕێی لاوی خاوەن قەول و بەڵین لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و هێزی پارێزگاری بوو. لەو پۆستدا بۆ سازماندانی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی ماندووبی نەناسانە وەخۆکەوت و لە کارکردندا شەویشی بە دەم ڕۆژەوە و هەدادان و سرەوتنی بۆ نەبوو.

هاوڕی لاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو، و لەخۆڕادیو، خاوەن ئێرادەو باوەڕی بەهێزی کوردانە و حیزبیانە بوو.

چاوەڕوان دەکرا لە داهاتوویەکی نێزیکدا باشتر خۆیی پێبەگەیەنێ و بگاتە پلەی بەرزتری تەشکیلاتی و خزمەتی زۆرتر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوە خۆڕاگرەکەی بکا. بەڵام سەد داخ و مخابن نەگەیشتە ئەو قۆناغەو و دەستی تاوان لە گەلەکەمانی ستاند. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا شەهید کراو گیانی بە نیشتمان بەخشی.

شەهید جەمال ئەکبەری



شەهید جەمال ئەکبەری ناسراو بەجەمال عەرەب کوری کاک محەمەد، ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی، لە ئۆردووگای ڕۆمادییەیە چاوی بۆ ژیان کردەوە.

بنەماڵەکەی بەهۆی هەلسووکەوتی دوژمنکارانەی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وێڕای زۆربەی بنەماڵەی دیکە پەڕیوەی هەندەران بوون و لە شاری ڕۆمادیەی عێراق گیرسانەوە.

جەمالّ بەردەبەرە بە خۆداهات و ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر. وەک قوتابیێکی زیرەک و پیتۆڵ دەرسی خوێند، و پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی و کۆتایی سێ پۆلی ناوەندیشی بەسەرکەوتنەوە بڕین. دواتر بۆ بەڕێوە چوونی ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی شانیدایە بەر کارو کاسبی و بەکرێکاری و ئارەقە ڕەشتن و دابین کردنی بەشێک لە بژێوی ژیانی ڕۆژانەی وەئەستۆ گرت.

جەمالّ کە تاقە کوڕەی بابی بوو، و بنەماڵەکەشی بە گشتیی ئەندامی حیزبی دێموکرات بوون، زۆر زوو گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخیدا گووڕا، و ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی پێوەندیی بە تەشکیلاتی لە گەلّ ئەو حیزبە دامەزراند. ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی ئەو ئەرکەشی بە کەمزانی و تەواو وەخت بە کردەوە تێکەلّ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو. سەرەتا بۆ دیتنی

دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بۆ فێرگەی سیاسی نیزانی بەڕێ کرا، و پاش دیتنی دەورەکەی بە دەستی پڕەوە گەڕایەوە ڕیزی هاوسەنگەرانی. لە هێزی پارێزگاریدا سازماندرا و ئامادەیی خۆیی بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرک و مەئموریەتێکی حیزبەکەی دەربڕیی.

جەماڵ کە دڵێکی پڕ لە ئەوینی نیشتمانەکەیەوە ئەو ڕیبازە پیرۆزەی هەڵبژاردبوو، دواتر بۆ ناوەندی دووی کوردستان نەقڵ کرا، و هەر بەو ئیمان و ئیرادەوە شانیدایە بەر ڕاپەڕاندی ئەرکی پیرۆزی.

جەماڵ کە لە ناخەوە ئاشق و ئەوینداری ژیانی پێشمەرگایەتی بوو و بەدڵ نیشتمان و خاکی پیرۆزی کوردستانی خۆشدەویست و وەک هەموو ئازادیخوازان ئاوات و ئامانجی وەدیی هاتنی مافی نەتەوەیی بوو و هەروەها بۆ درێژەدانی ڕیبازی پیرۆزی شەهیدان کە بە ئەرکی پیرۆزی دەزانی، و هەر بۆبۆنەوە کە لە وڵاتی کانادا خەریکی ژیانی ئاسای خۆیی بوو هەستی نەتەوەیی وێژدانی ئیزنی پێنەدا بێلایەن بێت نەک جارێ بەڵکوو دوو جار وڵاتی نیشتەجێی بە جێی هێشت و هاتەوە نێو ڕیزی هاوسەنگەرانی کە بەداخەو ئەویش بە ئاوات و ئامانجی دێرین نەگەیشت و لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دیموکرات گیانی بە نیشتمان بەخت کرت.



شەهید مەنسوور ئەکبەرپوور



شەهید مەنسوور ئەکبەرپوور کوڕی کاک هاشم ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی مامناوەندیی لە شاری مەهاباد چاوی بۆ ژیان کردەوە قۆناغی ساوایی وەدوا خۆدا و لە یەکێک لە خوێندنگاکانی ئەوشارەدا لە گەڵ دنیای عیلم و زانست ئاشنا بوو.

مەنسوور یەکێک لەو قوتابیە دەرس خوێنانە بوو کە زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی مامۆستاکانی، و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بڕوانامەی فۆقی دیپلۆمی وەدەست هێنا، و دواتر لە گەڵ کاک هاشمی باوکی لە بواری ددانسازیدا دەستی بەکار کرت.

مەنسوور دوای چەند ساڵ لە زانستگەی علوومی پزیشکی شاری تەورێز بڕوانامەی لابراتووری ددانسازی وەدەست هێنا، بەڵام کاتێک زەبروزەنگ و ئیعدام و ڕەشەکوژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی دەرحەق بەگەلەکی بینی، نەیتوانی بێلایەن دانیشێ و بۆ دیفاع لە نەتەوەو نیشتمانەکەی بەئەرکی سەرشانی خۆیی زانی، و بۆ گەیشتن بە خەون و ئاواتەکانی لە بەرنامەو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانیدا بە چاو ئەنگاوت ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی خۆیی گەیاندە بارەگای ئەو حیزبە و پاش لێکۆڵینەوە بۆ دیتنی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی کرا.

مەنسوور پاش دیتنی دەورەکەی بە ئیمانێکی پتەو و بەڕێبازەکەی ئەرکی پێشمەرگایەتی وەئەستۆ گرت و لە هێزی پارێزگاریدا سازماندرا بەڵام بەداخەوە هێشتا زیاتر لە چەند مانگ بەسەرتەمەنی پێشمەرگایەتیدا تێنەپەڕیبوو کە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە هۆی مووشەک بارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە قەڵای دێموکرات گیانی بە نیشتمان بەخشی و خوێنی کوڕە تاقانەکەی کاک هاشمیش تێکەڵ بە خوێنی ١٣ هاوسەنگەرەکەی بوو.

شەهید پێشەوا عەزیزپوور



شەهید پێشەوا عەزیزپوور کوڕی کاک سەید عومەر. ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی شاری بانە چاوی بۆ ژیان کردەوە. هێشتا تەمەنی نۆ مانگ بوو کە سەید عومەری باوکی لە ڕووداوی هاتووچۆدا کۆچی دوایی کرد و چیژی لە هەستی باوکایەتی وەرنەگرتووە و ئەرکی پێڕاگەیشتن و پێگەیاندنی خۆی و براکەی کەوتە سەر شانی دایکی دڵ بە زامی.

پێشەوا لەو پەری ناز لێ شێواوی دا گەشەێ کردو تەمەنی هەڵکشا و ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر. بەهۆی زیرەکی و دەرس خوێنی لە پۆلی سێ سەرەتایی بەولاوە نێردرایە خوێندنگەی تیژ بیران و بە ئۆگریەوە دەرسی خوێند و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتوونەوە بڕین.

پێشەوا کە لە ڕشتەی زانستدا دەرسی دەخوێند لە کۆتایی پۆلی دووی دوا ناوەندی دا کە بە هۆی سیاسەتی ڕەشە کوژی سەرکوت و خەفەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەر هەق بە گەلەکەی، گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخی دا وە گڕوگال کەوت و، دژایەتی لە گەل سیاسەتی دژ بە کوردی ئەو ڕێژیمەی بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانی. ساڵی ١٣٩٣ دوابڕیاری خۆی داو هەڵی ڕەخساندو خۆی گەیاندە ریزی ئاڵا بە دەستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. سەرەتا بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو، پاش تەواو کردنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا

وەدەست هێنا، بەرگی پڕ لە سەروەری پێشمەرگەی پۆشی و لە ڕێزی تێکۆشەرانی هێزی پارێزگاری دا سازمان درا.

پیشەوا یەکێک لەو لاوە زیرەک و باوەر بە خۆ بووانەو، یەکێک لەو پێشمەرگە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو لە زۆر زوو سەرەنجی هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بوو خۆشەویستی هەموان.

پاش ماوەیەک بۆ کۆمیتەی ئەمنیەت نەقل کراو، هەر بە ئیمان و باوەرەوە درێژەی بە ڕاپەراندنی ئەرکی پێ سپێراوی دا. دواتر بۆ شاخ نەقل کراو، بە هۆی؟؟؟ چوویی و سەرکەوتنی لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپێراوی، مەتمانەی زیاتری پێ کراو بە فەرماندەری یەکێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا کە بە هەق شیاوی ئەو مەسئوولیەتە بوو، پاشان گەرایەوە بۆ هیزی پارێزگاری و لە پەلی تایبەتی ئەو هێزە دا تێکۆشانی بێ وچانی درێژە پێ دا.

پێشەوا لە گەڵ ئەوە دا پێشمەرگەیەکی چالاک و فەرماندەیەکی لێزان و خاوەنی بیر و باوەڕێکی بەهێزی کوردانە و حیزبی یانە بوو، ئوگرەیەکی لە ڕادە بە دەری بە زۆرانبازی و بازی فووتبالڵ هەبوو. لە چەندین کێ بەرکێ ئەو بواره بەشدار بووە مەقامی بەرزی وەدەست هێناوە. لەسەر یەکێک لەو ڕۆڵە فیداکارو دڵ پڕ لە ئاواتانە بوو کە داهاتوویکی گەش چاوەڕوانی بوو. بە داخەوە نەگەیشتە ئەو قوناغە کە بگاتە پلەی بەرزتری تەشکیلاتی و خزمەتی زۆرتر بە حیزب و نەتەوە ماف خوازەکەی بکا و بە جوانە مەرگی سەری نایەوە. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکرات دا شەهید کرا و بە خوێنی گەشی نەمامی ساوای ئازادی پاراو کرد.

شەهید فاروق حەسەن خەبات



شەهید فاروق لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی(١٩٨٦ز) لە شاری بۆکان لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بوو، پاش ڕەوانەکردنی بۆ قوتابخانە توانی سەرکەوتووانە بڕوانامەی فەوق لیسانس (کارناسی باڵا)ی لە ڕشتەی موهەندسی کشاوەرزی وەدەست بهێنێت؛ شەهید فاروق نموونەی پێشمەگەیەکی لێهاتوو، ئازا و وشیار بوو کە بەو هۆیەوە بوو بە مامۆستای فێرگە و وەک کادرێکی سیاسی و نیزامی بەبڕشت ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی خۆی لەوپەڕی دڵسۆزیدا بەڕێوە دەبرد.

شەهید موختار قادرپوور



شەهید موختار ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی(١٩٨٣ز) لە ئاوایی تایربۆغەی سەر بە شاری سەقز لە نێو بنەماڵەیەکی گەلدۆست لە دایک بوو. شەهید موختار یەکێک لەو پێشمەرگە گیان لەسەر دەست، ئازا و لێهاتووانەی حیزب بوو کە دلسۆزانە کار و ئەرکە حیزبییەکانی بەڕێوە دەبرد و بەهۆی ئاکارە شۆرشگێڕانەکانی ببوە سەرباشقەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، هەر بەو هۆیەشەوە بوو بە مامۆستای فێرگە و وانەکانی نیزامی فێری فێرخوازانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە دەکرد.

میوانە تازەکانی گۆڕستانی شەهیدان

ڕەسوڵ سوڵتانی

مەتارەکەت پڕ کە لە ئاو
وا میوانی تازە هاتن
جلوبەرگیان هەڵاڵەیە و
خەونی سووری خۆرهەڵاتن–

سفرەی ئێوارە دابین کە
هاوڕێکانی جاری جاران
ماندووی ڕێگەن سەروکاکۆڵ
خوساوی بەر شەستەی باران

شەکەتی ئەو ڕێگە دوورەن
بە کۆڵێ زامەوە هاتوون
دەیانەوێ لە باوەشی
دایکی نیشتماندا بنوون

مەتارەکەت پڕ کە لە ئاو
گەلێ تینوون، گەروو وشکن
هێندێ هاوڕێ مانگ و هێندێ
لەگەڵ هەتاو دەستەخوشکن

هاتوون و ناگەڕێنەوە
خەمی گەلیان لە کۆڵ ناوە
پەنگری بن خۆڵەمیشن
ئاگرستانیان بەدواوە

جەستەیان کانیاوی برین
ناسنامەن بۆ بیر و بڕوا
تا خەونەکانیان وەدی دێ
هەروا خوێنیان لەبەر ئەڕوا

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی - سێپتەمبەری ٢٠٢٠ زایینی

نۆژەنکردنەوە: خەزەڵوەری ٣٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٣٠٢٦ی زایینی


١٧ی خەرمانان



سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی بەسەرهات و ژیاننامە ئەم شەهیدە نەمرانە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

